## سەرۆکەکان ... دلشاد

سەرۆکەکان؟؟
ئەرێ تاکەی دەم بۆ بەڵێ
داست بۆ چەپڵەو
گوێمان لەدرۆو
چاومان لەتابلۆی
ئێوەبێ
تا کەی لەراستی ڕاستیەکان
چاومان کوێر بێ و
ئەقڵ لەخوارەوەی، ،
چۆک بێ
سەرۆکەکان؟
لەبێزاری گوێ لێبوونتان
لەبێزاری زۆر بینینتان
لەبێزاری درۆی زل زلی
مێزگەردەکانی تیڤیتان
بۆ چەواشەی ئەومیللەتە
درۆ ڕاست بێ
ڕاستیەکانیش
بەرۆژی ڕووناک
غەڵەت بێ
گووڵ بۆ جوانی وبۆن کردنە
یاسای ئێوەوای لاباشە
بۆبەرپێ بێ
درکەکانیش لەلاچکەی گووڵ
چەسپ بکرێ
ئاڵای کوردی لەبەرچاوتان
وەک دەر پێ بێ
ئەی ڕەقیبیش
لەبەرگوێیان
وەک گۆرانی هیپۆپی بێ
چۆن شێت نەبم
گەرماندێللا
لێم بپرسێ
لەزمانم
لەنەتەوەم
لەسەرۆکم
لەووڵاتم

چی پێ بڵێم؟؟
ئەبێ منیش درۆ فێر بم
بڵێم حاشا ئەمن کورد نیم
بێ ووڵاتم. !

06/7/14
سویسرا